# بیرەوەریی پێشمەرگەی کورد

### بە بۆنەی وتارێکی کاک "عوسمان نۆباری" سەبارەت بە یادی "شەهید ئەبووبەکر کانیەڕەشی"

لە چەند بەشی پێشووی ئەم ووتارانەدا باسی بیرەوەریی چەند پێشمەرگەی حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم کردوە[١] و پێشریش چەندین کتێبی بیرەوەریی بەرپرسانی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانم لە پەیوەندی بۆکاندا ناساندووە.[٢]

لێرەدا بیرەوەرییەکانی کاک عوسمان نۆباری سەبارەت بە شەهید "ئەبووبەکری کانیەڕەشی" دەهێنمەوە کە ماڵپەڕی 'گیارەنگ' بڵاوی کردۆتەوە.

زوربەی هەرەزۆری شەهیدانی پێشمەرگە، کەسانی خاوەن هیممەت و لەخۆبووردوو و گیانبەختی خاک و گەلەکەیان بوون و گەلێک خەسلەتی بەرزی مرۆڤایەتییان هەبووە، کە ئەگەر هاوڕێکانیان هەوڵی تۆمارکردن و ناساندنیان بە کۆمەڵانی خەڵک نەدەن، مەترسی ئەوە هەیە بە تێپەڕبوونی ساڵ، دوای نەوەیەک ودوان، لەبیری خەڵک بچنەوە و وەک چۆن جەستەیان جارێک شەهد کرا، ناویشیان شەهید بکرێت واتە بەتەواوەتی لەبیری مێژوو بچنەوە. دیارە حزبە سیاسییەکان هەوڵێک لەپێناو ناساندنیان دەدەن و لە لیستەی شەهیدەکانیاندا ناویان تۆمار دەکەن، بەڵام ئەم کارە فەرمییە گەلێک جیاوازە لەوەی برادەر و دۆست و هاوسەنگەری شەهید، کە لەنزیکەوە دەیناسێ و ئاگاداری هەڵس وکەوت و بیر وبۆچون و هەڵوێستی سیاسی و خەسلەتە مرۆڤایەتییەکانیەتی، ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت.

من لێرەدا نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم چەشنە کارەتان بۆ دەهێنمەوە، کە کاک عوسمان نۆباری پێشمەرگەی حزبی دیموکڕات باسی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆی و هاوڕێیەکی شەهیدی دەکات. نووسەر خەڵکی نۆباری ڕۆژئاوای بۆکان و پێشمەرگە شەهیدەکەش خەڵکی کانیەڕەشە لە هەمان ناوچە و دراوسێیەتی نۆبار.

بە ئامانجی کورت کردنەوەی لاپەڕەکان، بەشێک لە سەرەتای نووسەرم هەڵپاچیوە کە بابەتێکی گشتی بوو. فەرموون :

---

[١] بەشی ٢٩٨ و ٢٩٩

[٢] بڕوانە بەشی٤٣، ٤٨، ٧٧، ١٥١، ١٦٨، ١٧٨، ٢٢٤، ٢٦٤، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٩٢ و ٢٩٤

# لە خەرمانی خەباتی شەهید "ئەبوبەکری کانیەرەشی"

## عوسمان نۆباری

**وەرگیراو لە ماڵپەڕی "گیاڕەنگ"**
**بینراو لە: ٢٠١١/٠٦/٢٦**

.

...... کاتێک بۆ ئەوەلین جار شانازی ئاشنا بوونم لەگەڵ کاک ئەبوو بە نسیب بوو، جێژنی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٠ بوو. ئەو کات هەم من و هەم کاک ئەبوو ئەندامی یەکێەتیی لاوان بووین. کاک ئەبوو لەگەل کۆمەڵێک لاوی بەهرەمەندی دیکە کە یەکێک لەوان شەهید سەید عومەری قادری بوو، بەرنامەیەکی هونەریان هێنابووە نۆبار. لەبیرمە یەکێک لە شانۆیەکان بە نێوی ''سێ برسی'' بوو کە وابزانم پاشان جارێکی دیکەش ئەو شانۆیەمان ئیجرا کردەوە. دیارە ئەو شانۆیە سرنجی خەلکی زۆر بۆ لای خۆی راکێشا.

پاش ئەو بەرنامەیە لەگەل کاک ئەبوو تێکەڵاویمان پەیدا کرد و قەرار بوو لەوێ بە دوا بۆ جۆرە بەرنامانە منیش یەکێک بم لە هاوکارەکانیان، بەڵام ئیدی بە هۆی هەلومەرجی ناوچەکەوە زۆری نەبرد کە هەردووکمان لەگەل کۆمەلێک لاوی دیکە - کچ و کوڕ - لە ناوچەی بۆکان رەسمەن بووینە پێشمەرگە و لە یەکێەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و لە ناوچەی بۆکان سازمان دراین.
لە سەرەتا دا و لە چەند دێری کورت دا کاک ئەبوو کورێکی خۆێندەوار و رۆشنبیر و خاوەن بیرێکی پاک و بێگەرد لە راستای بەرژەوەندیەکانی گەلەکەی دابوو. خۆشکەلام و زۆر جار پێکەنینێکی شیرینی لە سەر لێوان بوو، ئەلاقەیەکی تایبەتی بە موتالا و خۆێندنەوە هەبوو و هەر لەو کاتەش دا ئەوەی کە فێری دەبوو بە شێوەیەکی لێهاتوانە دیهێنایە سەر کاغەز. کە دەچوویە ماڵەکەی زۆر بە هاسانی چەندین کتێب و نەشریاتی حیزبیت بەرچاو دەکەوت.
ئەوەندەی من بزانم چەندین وتار و بەرهەمی جۆراجۆری لە گۆڤارە خنجیلانەکەی لاوان دا بڵاوکرایەوە ئەو کات کە ئەبوو کانیەرەشی لە نووسینەکانید باسی لە رێز و حورمەت گرتنی یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی حیزب لە نێو خۆمان و خەڵک دا و هەروەها لەقاودانی سیاسەتەکانی رێژیم وەک مووحتادی دەکرد هێشتازۆر زوو بوو، ئەو بە تایبەت بایخێکی زۆر دادەنا بۆ خورافات لە نێو کۆمەڵگا دا زۆر دیگووت هێندێک شێخ و کۆلکە مەلا هەن کە نەخشی ئەوان زۆر لە نەخشی ئاخووندەکان خرابترە ئەوانە بەو کارەیان دەیانەوێ خەڵک لە باری عیلمی و زانستیـیەوە روشت نەکەن و هەروا لە دواکەوتوویی دا بمێنێتەوە.

ئەبوو کانیەرەشی ئەهلی من من و پێداهەڵکووتن نەبوو لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا قسەی خۆی هەبوو هەمیشە رەنجی لە سەر .شانی خۆی دەخوارد، ئەو ئاکارە جوانانە بوون کە داهاتوویەکی روونی بۆ کاک ئەبوو تێدا بەدی دەکرا تەشکیلات لە بواری تەشکێلاتیـیەوە کاک ئەبوو خاوەن پێگەیەکی جەماوەری وەک چینی رووناکبیربوو لە نێو هەر دوو رەگەزی ژن و پیاو دا، ئەزموونێکی زۆری وەسەریەک نابوو ئەو کە زۆر جاران لە فێرگەی سیاسی نیزامی دا لە سەر تئۆریەکانی تەشکیلات دەرسی دەکوتەوە، بە کردەوش لە چەندین ناوچەی بۆکان دا ئەو کارەی بەرێوە دەبرد ئەو کادرانەی بە خۆشێەوە ئێستا ماون و لە حالّی ژیان دان چاک دەزانن کە کاک ئەبوو چەند بە بەرنامە و دەقیق بوو لە کارەکانیدا و هەرلەوکاتەش دا چەندە مەحبووب و جێگای ریزی هەبوو لە هەموو ناوچەکاندا، ئەوە لێگەرێ هێندێک قوڵەچۆماغی چاوبرسی بۆ تەماعی دونیایە هەموو ویژدانی خۆیان دەفرۆشن و دەبنە چاوساغی دوژمن ، دەنا ئەبوو کانیەرەشی ئێستاش لە زۆربەی ناوچەی بۆکان دا هەروا شۆێن پەنجەی ماوە خەڵک بە تاسەو حەسرەتەوە یادی دەکەنەوە.



لە سەر شانۆ دیارە هەربە تەنیا گۆڤار و رۆژنامەکان نەبوون کە کاک ئەبووی شەهید بیروبۆچوونی خۆی تێدا بڵاودەکردەوە،، بەڵکوو ئەو پێی وابوو شانۆش میمبەرێکی دیکەیە بۆ پووچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی، هەربۆیە ئەو دیگووت بۆ دەربرینی هەست و سۆزی خەڵک و ناساندنی ئەو فەرهەنگ و کلتوورە دەوڵەمەندەی گەلی بەش مەینەتی کورد ئەوە باشترین و ئاسانترین رێگایە، هەربۆیە دەستی کردەوە بە نووسینی شانۆکانی و هێنانیان بۆ سەرسەحنەکان ، دیارە لەو پێیەش دا تووشی سەختییەکی زۆر هات لە بەر ئەوەی ئێمە زۆربەمان ئەزموونێکی ئەتۆمان نەبوو لەسەر شانۆگەری، جاری رۆژانی ئەوەڵ و دووهەم کاتێک تەمرینی پێ

دەکردین بەردەوام بە خۆی پێدەکەنین چوونکە ئەوەندە لە لامان سەخت بوو قەت پێمان وانەبوو بتوانین وەک ئەو شتەکان ئەدا بکەین، بەڵام چوونکە بۆ خۆی کورە کوردێکی دێهاتی بوو و لە نزیکەوە لە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی کورد حالی بوو دێزانی باسی چییان بۆ دەکات و هەربۆیە ئەو کە شارەزایەکی بۆاری شانۆ بوو لەو بارەیەوە ئێمەی تێ گەیاند کە ئەرکەکانمان چییە و ئەوەی پێمان دەسپێرێ دەبێ چۆن بەرێوەی بەرین.

لە درێژەی ئەو کارەهونەریانە و هونەرنەمایی کاک ئەبوو لە سەرسەحنەکان دەیکرد رەنگە گێرانەوەی بیرەوەریەک لەم پی یە دا خراب نەبێ. بە هۆی رێک وپیکی ئەو بەرنامە هونەریانەی کە لە گوندەکان بەرێوەمان دەبردن لەسەر یەک تامەزرۆیەکی زۆری بۆ خۆی پیدا کردبوو ، یەکێک لەو گوندانەی کە خەڵکەی داوایان کردبوو ئەو بەرنامەیان بۆ نیشان بدەێن گووندی قەرەگۆێز بوو کە ئەوەندەی لە بیرم مابێ پێم وایە مۆڵگەیەکی رێژیمێشی لی بوو، ئەو رۆژە لە ئاوایی حاشیاباد بووین. لای ئێوارێ بەرێز کاک هەیاس کە ئەو کات بەرپرسمان بوو کوتی ساز بن ئەو شەو ئەو بەرنامەیە دەبێن و لە گووندی قەرەگۆێز پێشانی خەڵکی دەدەێن زۆرمان پێخۆش بوو هێشتا رووناکی مابوو کە گەیشتینە نێو ئاوایی زوو نان و چامان خوارد و چووینە مزگەوت کە روانیمان سوێندت خواردبا کە شەش کەس لە نێو ئاوایی دانەماوە رەنگە سوێندت لێ نەکەوتبایە. ورد و درشت و پیر جوان هەمووی هاتبوون، ئەوەی کە دەمەوێ لێرە دا باسی بکەم لێهاتووی و هونەرنەمایی کاک ئەبوویە لەسەرسەحنەکان یەکێک لەو شانۆیانەی کە هەر بۆ خۆشی نووسیبووی شانۆیەکی کۆمێدی بوو بەناوی سەلمانی"لەو شانۆیە دا کاک ئەبوو پینچ شەش دەقیقە لە پیش دا دەچووە سەر سەحنە، لەو ماوەیە دا حەرەکاتێکی دەکرد کە تەماشاچی لەوێ مەحاڵ بوو کە خۆی پێی رابگیری ،لەو کاتە دا بوو کە کاک حەمەدەمین قارنجە بانگی کردین کە چووین و لە کونی پەردەکەوە روانیمان هیچ کەسێک ئاگای لە خۆی نەمابوو کابرایەک لە پێشەوە دانیشتبوو و یەک دوو دەدانیشی دیاربوو کەوتبوون، ئەوەندە بە کوڵ و خۆش پێدەکەنی جاری وا بوو گەشکەی دەگرت لەگەڵ پێکەنینەکەشی دا لیکی بە زاری دا دەهاتە خۆارێ. بۆیە لەوێ و لەو سەحنەیە دا بۆمان دەرکەوت کە کاک ئەبوو چۆن بە ناخی ئەو خەڵکە دا چۆتە خوارێ و بۆ دڵخۆش کردنی ئەوان هەرشتێکی کە لە دەستی بێ دەیکات.

ئەوەی لە مەراسم و کۆبوونەوانە دا کەمی هەبوو و دەبوو پێمان با تەنیا کامێرایەک بوو کە رەنگە ئێستا بۆ گێرانەوەی ئەو بەسەرهاتانەش پیویستی بەو کورتە نووسراوەی منیش نەکردبا.

**مەسەلەی دەرەبەگەکانی ناوچە**

ئەوەی کە زۆر جار کاک ئەبووی ئازار دەدا مەسەلەی ئاغاوەت و دەرەبەگەکانی کوردستان بوو، زۆر جار دیکوت شیرازەی نێو کۆمەڵگا ئەوانە تێکیان داوەو هەرئەوانەش بوونەتە فاسیلەی تەبەقاتی ناو خەڵکی هەژار و لێقەوماو ، کاتێک بە رێگا دادەرۆیشتین لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ناوچەی بۆکان و مەهاباد ئەو ئازارەی زیاتر هەست پێ دەکرد، هەتا چاو هەتەر دەکات باشترین لە زەوی وزارەکانی ئەو ناوچانە، ئەوە ئاغاکانن کە دەستیان بە سەردا گرتوە و بێ ئەوەی زەحمەتێکیان پێوە کێشا بێ هەزاران هەزار یەکتار زەویان بە زۆر لە رێگای غەیرە قانوونیەوە دەست بە سەر داگرتووە و بە ئاشکرا خۆێنی ئەم خەڵکە دەمژن. ئەوانە بێجگە لە کۆێخاکانیان بۆ خۆشیان بە دایم لە تەعقیبی خەڵک دابوون و بوونەتە باعیسی ناکۆکی لە ناو کۆمەڵگا دا، خەڵکیان کردۆتە جاسووس لە سەریەکتر و هەموو شتێکی خەڵکیان بۆ خۆیان بە حەڵاڵ زانیوە و لە سەرانەی مەڕ و ماڵاتەوە بگرە هەتا دەغڵ و دان و تەنانەت سوورانەی ئەو کچانەی بە مێرد دەدرێ خۆش نابن، سەرەرای هەمووی ئەوانە هەتا هیچ کات حازرنین و دەعێیان نایەنە لەگەل خەڵکی دا خزمایەتی بکەن و یان لە شایی و شینی خەڵک دا بەشداربن، کاک ئەبوو خاڵی هەرە لاوازی نێو کۆمەڵگا ئەوانەدەدی و یەکێک لە ئاواتە پیرۆزەکانی رزگار کردنی هەمووی ئەو ناوچانە لە دەست ئەو ملۆزمانە و ئەسپاردە کردنی بە خەڵکی هەقدار و برسی بوو.



راوەستاو لە راستەوە: حەمەدەمین قارنجی
شەهید وەستا ئەحمەد - نۆباری
دانیشتوو: شەهید ئەبوو کانیەرەشی، کاک هێرش

**بروا یەکسانی ژن و پیاو**
کاک ئەبوو وەک ئینسانێکی دێمۆکرات باوەڕێکی زۆری بە بەرابەری ژن و پیاو هەبوو، بۆ ئەم بەمەبەستەش لە زۆربەی کارەکانیدا بە کردەوە ئەو ئەرکەی عەمەلی دەکرد، بۆ نموونە لە کارە ئەسلیەکانی وەک کاری تەشکیلاتی و هەستە نهێنە حیزبی و هەروەها نووسینی دەقە شانۆیەکانی و چەندین کاری دیکەی ژنان و کچانی خوێندەواری شان بە شانی پیاوان بە شداری پێ دەکردن و زۆریش تێدا سەرکەوتوو بوو. ئەو پێی وابوو بە بێ بەشداری کردنی هەرکام لەو دووبەشە سەرکەوتن مەحاڵە و خەباتەکە ناتەواو دەمێنێتەوە. لەلایەکی دەیکەشەوە کاک ئەبوو پێی وابوو بەشێکی زۆر لەژنانیش نیسبەت بە مافەکانی خۆیان ئاوانبارن، بۆ نموونە زۆر جاران دیتراوە کە بە چوار ژنان مێردێکیان هەبۆت، باشە ئەوە یەک نەیزانی دوو نەیزانی چۆن دەکرێ بە هەموویان بڵێ گێل و نەزان، جیا لەوانە وەک دەبینین زۆر جاران پیاو بە هۆی ئیش کارەوە لە ماڵ نیە و لە ماوەیە دا تەنیا ئەوە ژنە کە وەک خوشکی گەورە یان دایک یان ژنی گەورەی ماڵی لە ترسی ئابروو چوون هەموو دەستور و نەریتە کۆنەکانی پیاو بەرێوە دەبات. هەر بۆیە ئەو کە رێچکە شکێن و یەکێک لە لایەنگرانی یەکسانی بوو، تەبیعەتن لەگەڵ ئەوەی رێزێکی تایبەتی بۆ خوشکە مەستوورەی هاوسەری هەبوو و هەرلەو کاتەش دا هەم رێنوین و هەم دەستیشی ئاواڵە راگرتبوو بۆ هەرکارێکی کە لەم بۆارە دا ئەنجامی بدات.

بێشک هەر دایک و باێک دەبێ ئەوەی لە مێشکی خۆیدا زمزمە کردبێ کە چ داهاتوویەکی پڕ لە خێر و خۆشی بۆ منداڵەکەی بە دی بێنێ و لە منداڵەکەش زیاتر خەون بە عەز و ئاواتەکانیەوە دەبینێ، کاک ئەبوو زۆر زیاتر لە هەمووی ئەوانەش هیوای بە داهاتووی تروسکەی ساوا و خۆێن شیرین بوو و ئاواتی ئەوەبوو کە بە جوانترین شێوە پەروەردە بێ کە بەخۆشیەوە بە هۆی دڵسۆزی و وەفاداری دایکی ئەو ئاواتەشی هاتۆتە دی، دیارە تروسکە خانیش کە لە داوێنی ئەو بنەماڵە شۆرشگێرانە دا لە دایک بووە ئەو ناو و ناوبانگەی بە قەت گەورەی خۆی پاراستوە. ئەو کە لە ئورووپا خۆێندویە و گەورە بۆت زانیویە چۆن کەڵک لە عەسری ئەمرۆی سەردەم وەرگرێ و هەروەها پابەندبوونی خۆشی بە فەرهەنگ و کلتووری دەوڵەمەندی نەتەوەکەی هێشتۆتەوە.


شەهیدان عومەر سەلیمی - جەلیل رەحیمیان

**بریندار بوونی کاک ئەبوو و قسەیەکی خۆش**
وابزانم هاوینی ساڵی١٣٦٢ بوو ئێمە یەکیەتیی لاوان و وێرای کومیتە شارستانی بۆکان و بەشێک لە هێزی بەیان بۆ بەرێوەبردنی جەولەیەکی سیاسی نیزامی چووینە ناوچە ئاڵەشینی بۆکان، دوژمن هەر لە سەرەتاوە کە چووینە ئەو ناوچەیە زۆرمان پێ حەساس بوو، لە ماوەیەکی کورت دا نیرویەکی زۆری لە بۆکان و سایێنقەڵا کۆکردەوە و شەوێکی کە لە ئاوایی ئەربەنوس و دەوروبەری مابووینەوە بۆ بەیانی هێرشی کردینە سەری. لەو شەرە دا جاش و پاسدارێکی زۆر کوژران هەر لەو شەرە دا چەند شەهیدو چەند بریندارمان دا، کە من لەگەڵ داوای لێبوردن لە شەهیدەکان تەنیا کاک هەمزەی حیجازی و کاک مەنسوری سوارە و هەروەها لە بریندارەکانیش کاک قاسمی باقیم لە بیرماوە، دیارە کاک ئەبووش یەکێک بوو لە بریندارەکان لاقی راستی بریندار بوو هەر ئەو شەوە بریندارەکانیان راگۆیست بۆ نەخۆشخانە لە رێگا لە یەکێک لە گووندەکانی ناوچەی پیر مەحمەد لادەدەن کە شتێکیان بدەنێ بە بریندارەکان. لەو کاتە دا ژن و منداڵ دەچنە سەرماشێنەکە و وەک هەمیشە بە داخ بوونی خۆیان لەو وەزعیتە دەر دەبرن و ژنێک دەڵێ هەی چاوی دایکتان کوێر بێ، کاک ئەبووش دەڵی چاوی دایکی خۆت کوێر بی، ژنەکە دەڵی کاکە گیان خۆ بۆیەم وانەکوت ئەتۆ نارەحەت بی کاک ئەبووش بە پێکەنینەوە دەڵێ دایە گیان منیش بۆیەم وانەکوت تۆش نارەحەت بێ ئاخر ئەمن دایکم زۆر خۆش دەوێ.

**خولیای کاک ئەبوو بۆ زادگاکەی**
لە دڵە گەورەکەی کاک ئەبوو دا گەلێک هیوا و ئاواتی گەش بە دی دەکرا، ئەو شانازی دەکرد بە هەموو کانیاوەکان و هەرگاشە بەردێک و مشتە خۆلێکی ناوچەی پڕ پیت و بەرەکەتی بۆکان، وێردی سەرزاری ئەو گشت شاعیر و ئەدیب هەموو هونەرمەندانی ئەو دەورە بوو. ئەو دەیزانی ئەو ناوچەیە لە باری کلتووری و مێژوویەوە رابروویەکی دوور و درێژی هەیە، بۆیە زۆر جار دیکوت و یەکێک لە خەونە کەسک و سوورەکانی ئەوە بوو کە خۆزگە کەسێک هەبایە کە

مێژووی ئەو ناوچەیەی وەک خۆی چۆن هەیە ئاواش نووسیبایەوە و ئەو کات بۆ هەموو کەس مەعلووم دەبوو کە ئەو ناوچەیە لە هەموو بارێکەوە چەندە دەوڵەمەندە. هەرئەو خۆشەویستیەش ببوونە هۆی ئەوەی کە ساتێک لەو خەڵکە دانەبڕێ و هەر لەو پێناوەش دا گیانی شیرینی خۆی فیدای خەڵک و خاکەکەی کرد.
دیارە دڵخۆشێەکی کە هەمە ئەوەیە کە کاک ئەبوو لە نێو هێزی خرۆشانی گەل دا و بە تایبەت لە نێو چینی رووناکبیر دا قەڵایەکی رێکخستنی وەهای بیناکردوە بۆ خۆی و نەتەوەکەی کە تا چەندین نەسڵی دیکە ناوی هەروا بە زیندووی دەمێنێتەوە.

.
پێویستە بگوترێ کە رۆژی یازدەی پووشپەری ساڵی١٣٧٠ هاورێان کاک ئەبووبەکری خزری ناسراو بە ئەبووکانیەرەشی و کاک جەلیلی رەحیمیان بۆ ئەنجامدانی مەئموورێتێکی حیزبی دەچنە گووندی حسێن مامەی سەربە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان کە لە سەرجادەی میاندواو و بۆکان هەڵکەوتووە، بە داخەوە بە هۆی ناپاکی خۆفرۆشێکەوە شوێنی حاوانەوەی هاورێیانمان ئاشکرا دەبێ و دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە کە لە بۆکان میاندواو کۆی کردبۆوە هێرش دەکاتە سەر ئەو ماڵەی کە کاک ئەبوو و کاک جەلیلی لێ دەبێ، بە هەموو چەکێکی قورس و نیوەقورس ئەو ماڵە دەدەنە بەر دسترێژ و ماڵەکەیان بە سەردا دەرووخێنن. پاش ماوەیەک ئینجا بە لۆدێر تەرمی بێ گیانی هەردووکیان لە نێو ئاور و خاک خۆڵ دێنەدەرێ و دەیانبەن بۆ شۆنێکی نادیار کە تا ئێستاش مەعلووم نیە لە کۆێ ئەو دوو شەهیدە بە خاک سپێردراون.
بێشک شەهیدبوونی ئەو دوو تێکۆشەرە لە پێش دا خەسارێکی گەورە بوو بۆ حیزب و پاشان بۆ کومیتە شارستانی بۆکان و خەڵکی بە ئەمەگی ناوچەکە.

.
لە بیستەمین ساڵ وەگەری شەهید بوونی ئەو دوو کادرە بە وەجە و ئەو دوو قەڵەم بە دەستە و ئەو دوو پێشمەرگە چاو نەترسە دا جارێکی دیکە لە بەرامبەر گەورەیی و لە خۆبردوویان چۆک دادەم و کڕنۆشیان بۆ دەبەم.
رووحیان شاد و رێگایان بەردەوام بێ.

عوسمان نۆباری

Saturday, June ٢٥ - ١٠:٥٤:٤٧ UTC : ڕێکەوتی ناردن